# ئینشاالله، خوا هیدایەتی (وەزارەتی ڕۆشنبیری) دەدات و "جیهانبەخش"یش لە "شۆڕش"ێکی دیکە خەڵات دەکرێ

نازم دڵبەند

نووسینێکی هاوڕێم "جیهانبەخش کۆیی"م بەناوی (منیش شایستەی خەڵات بووم" لەدوا ژمارەی ڕۆژنامەی (میدیا) خوێندەوە.. جارێ من نازانم وەزارەتی ڕۆشنبیری هەتا کەنگێ واز لەدانانی بەرنامەی (میزاجیات و عاتیفەکاری) ناهێنێ.. یان بۆچی لەو یادداشتانە ناپێچێتەوە کەخەڵکانێکی بەناو پسپۆڕو شارەزا دەیدەنە (جەنابی وەزیر) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەك کەهەر لەیەکەم نوکە قەڵەمی کەبەکاریدەهێنێ بۆ نووسینی پرۆژەکەی بەرژەوەندی کەسێتی خۆی دەخاتە سەر هەموو بەرژەوەندە گشتییەکان کەرەنگە ئەگەر بەراستگۆییەوە بەجێی بهێنێ پرۆژەکەی زۆر جوانترو جوانتر دەکات (دەنا وەڵڵاهی جیهانبەخش کۆیی لەجیاتی جارێك دەجاران حەقی خۆیەتی خەڵات بکرێ)، بەڵام زۆر راستە گوایە (لەو ڕۆژانە شانۆکارێك یادداشتێکی داوەتە وەزیری ڕۆشنبیری لەمەڕ باری دراماو پێشخستنی درامای کوردی) لەجیاتی ئەوەی بانگی بکات و لەم بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات راستەوخۆ نووسیویەتی (کاك وریا ئەحمەد راتان....).. من تەعلیقەکە بۆ ئێوەی خوێنەر بەجێدێڵم.. ئەگەر ئەمە بیرکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت (لەجیاتی جارێك دەجاران حەقی خۆی نییە جیهانبەخش کۆیی خەڵاتبکرێ)، چونکە هیچ لەوەزیرە ڕۆشنبیرەکانی حکومەتی کوردستان کەهاتوونەتە سەر حوکم نەك ئەوەیان بەبیر نایەتەوە بەڵکو هیچیش لەهیلاکی و ماندووبوونی خودی (جیهانبەخش) نازانن کە بەدەیان دەنگی رەسەنی کوردی لەناو گەرووی شێر دەرهێناوەو لەهەزار (کون و قوژبن) پاراستویەتی لەناو هەموویاندا (وەقائعی ئەو هەموو فیستیڤاڵانەی تیپی مۆسیقای شۆڕش کە لەئۆردوگاکانی ئاوارەکان لەئێران سازدراوەو هێنانەوەی بۆ هەولێرو لەسەردەمە شووم و ڕۆژگارەکانی مەرگ لەمنداڵەکانی خۆی زێتر لەرەشەبای ترس دەیپاراستن. دەنا (وەڵڵاهی جیهانبەخش کۆیی لەجیاتی جارێك دەجاران حەقی خۆیەتی خەڵاتبکرێ..).

کاکی وەزیری ڕۆشنبیری...

بەو شارەزایەی بەڕێزت بڵێ کە ناو ڕیزی کەسانی ناو (تیپی مۆسیقای شۆڕش)ی کردبوو لەهەموو کەس زێتر دەیزانی لەسالانی قاتوقڕی سیاسەتی شەڕ (جیهانبەخش) چەند بەدڵسۆزی بۆ ئەو ئەرشیفە دەژیاو بەسەروەتێکی زۆر گەورەی خۆی دەزانی و بائەو سەردەمەش بگێڕێتەوە کە (جیهانبەخش) بەوەش نەوەستاو دوای نەمانی شۆڕش (ئەو شارەزایەو من و جیهانبەش) دەیان کیلۆمەترمان دەبڕی بەرەو (ئیزگەی بەغدا)و لەوێش بەهەزاران (پێچ و پەنا) دەگەیشتینە ناو (مەکتەبەی شریتەکانی ئیزگە) و بەدەیان شریتی ئەسڵی بەرهەمە کوردییەکانمان دەهێنا دەرەوەو لەناو ئەرشیفەکەی (جیهانبەخش) پاراستمان و دوای ڕاپەڕین بوون بەسەرچاوەیەکی گرنگی ڕادیۆکانی کوردستان و بەتایبەت (رادیۆی دەنگی کوردستان) ئەدی بۆچی (جیهانبەخش)تان لەریزبەندی ئەو ناوانە لەبیرکرد (وەڵڵاهی جیهانبەخش کۆیی لەجیاتی جارێك دەجاران حەقی خۆیەتی خەڵات بکرێ...). هەر ئەوەندە ماوە بڵێم (دوعایەك بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم بەڵکو خوا ئەو وەزارەتە کە تۆزێ چاو فراوانتر دەکات تاکو چیدیکە یادداشتی قەیرانی دراما نەدرێتە مۆسیقاژەن رای خۆی لەسەر بداو بەچاوی (میزاجیات و عاتیفەکاری) نەخەڵك خەڵاتبکرێ و نەژنێکی (نا نووسەرو نارۆژنامەنووس) بکرێتە سەرنووسەری گۆڤارێکی ژنانەو نەخەڵکێکی (نادەرهێنەر) بکرێتە (دەرهێنەری زنجیرە دراما)و نە ئەوەندە (مەلایین دینار)ەش بەناوی پێشخستنی هونەرەوە (بازرگانی) پێوەبکرێ کە تا هەنوکە تۆزقاڵێك لەسیمای ئەو پێشخستنەمان نەدی.. دەی ئینشاالله خوا هیدایەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەدات و لە (شۆڕشێکی دیکەش جیهانبەخش کۆیی خەڵات دەکرێ).